**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٢٤١٧ لە ٢٠٢٥/١٠/٧**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی داد/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسراویان ژمارە (د/٧٣٩) لە ٢٠٢٥/٧/٢١ و پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٤٠) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤) لە ٢٠٢٥/١٠/١ ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:-

١- هەڵوەشاندنەوەی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی ئابووری هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە ژمارە (٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (٢١٣٢) لە ٢٠٢٠/١١/٢ لەبەر ئەوەی بڕیارەکە ناگونجێت لەگەڵ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ئاماژەپێدراو لەسەرەوە.

٢- وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە بەپێی ماددەی (٤١) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ئاماژەپێدراوە لەسەرەوە.

٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**